# حوكمی درەنگ خستنی دەركردنی زەكات

[ بە كوردی ]

حكم تأخير إخراج الزكاة

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : دانا ڕەحمان فەرەج

الكاتب : دانا رحمان فرج

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیاركردنەوەی ڕەوەندەكان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

2008 -1429

islamhouse.com

# حوكمی درەنگ خستنی دەركردنی زەكات

( بەشی یەكەم )

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين، نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين . أما بعد :

زانایانی ئیسلام دوو بۆچونیان هەیەلەسەر درەنگ خستنی دەركردنی زەكات پاش ئەوەی كەواجب دەبێت .

لێرەدا هەردوو بۆچونەكەلەگەڵ بەڵگەكانیان دەخەمەڕوو ، پاشان بۆ چونی یەكلاكەرەوەو ڕاستر ڕون دەكەمەوە:

بۆچونی یەكەم دەڵێت : زەكات واجب بوو دەبێت یەكسەر و بەخێرایی زەكاتەكەدەربكات ، وەدروست نیەدەر كردنەكەی درەنگ بخرێت .

ئەم بۆچونەفەتوا پێدراوەلەلای مەزهەبی ئەبو حەنیفە( خوای لێ ڕازی بێت ) و بۆچونی ئیمام ئەبو حەنیفەو هەردوو هاوەڵەكەی (1)(٢) و هەروەها مەزهەبی مالیكی (٣) و شافیعی (٤) و حەنبەلی (٥) لەسەر ئەم بۆچونەن .

حەسكەفی (6) لە كتێبی ( الدر المحتار ) دا دەڵێت : " لەمەزهەبماندا فەتوا دراوەكەدەبێت یەكسەر ( فوری ) زەكات دەر بكرێت ، واتەواجبەیەكسەر دەر بكرێت "(7).

هەروەها كەمالی كوڕی هەمام (٨) دەڵێت : " سابت ( ثابت ) بوولەئیمام ئەبو حەنیفەو هەردوو هاوەڵەكەیەوەكەدەبێت یەكسەر زەكات دەر بكرێت و هیچ دوا نەخرێت" (٩) .

هەروەها لەكتێبی (قوانين الاحكام الشرعية ) دا هاتوە: " هەركەسێك دەركردنی زەكات دوا بخات لەدوای كاتی واجب بونی ، ئەوەئەو دوا خستنەدەبێتەهۆی قەرەبو كردنەوەو تاوانیش ، بەمەرجێك تواناى دەركردنی زەكاتەكەی هەبوبێت و یان بۆی ڕەخسا بێت و دەری نەكردبێت " (١٠) واتە : ئەگەر كەسێك زەكات لەسەر ماڵەكەی واجب بوو بەڵام ئەو كەمتەرخەمی تیادا كرد و دەری نەكرد ، ئەوەئەگەر ماڵەكەیشی تیا چو دەبێت زەكاتەكەببژێرێت و قەرەبوی ئەو كەسانەبكاتەوەكەزەكاتەكەیان پێ دەشا(موستەحەقی بون) ، وەهەروەها تاوانی دواخستنەكەیشی بۆ دەنوسرێت .

هەروەها ئیمامی نەوەوی دەڵێت: " ئەگەر زەکات لەسەر کەسێك واجب بوو توانای دەرکردنی زەکاتەکەی هەبوو دروست نیەبەهیچ جۆرێك دواى بخات " (١١).

ئیبن قودامەی مەقدیسیش دەفەرموێت : " واجبەلەگەڵ واجب بونی زەکات زەکاتەکەدەر بکرێت و دوانەخرێت ، بەمەرجێك توانای دەرکردنی زەکاتەکەی هەبێت و بۆی پرەخسێت " (١٢) .

بۆچونی دووەم : دروستەدەرکردنی زەکات یەکسەر نەکرێت و دوا بخرێت لەدوای واجب بونەکەیەوە .

ئەم بۆچونەبۆچونی زۆربەی حەنەفی مەزهەبەکانە (١٣) و یەکێکەلەبۆچونەکانی ناو مەزهەبی حەنبەلی (14) .

کاسانی دەڵێت : " زۆربەی هەرەزۆری زانایانی مەزهەبمان (حنفی ) دەڵێن دروستەزەکات یەکسەر ( فوری ) دەرنەکرێت و هەرکاتێك خاوەنی سەروەت و ماڵەکەزەکاتەکەدەربکات لەسەری دەکەوێت " (١٥) .

هەروەها لەکتێبی (الانصاف ) ی حەنبەلی مەزهەبەکاندا هاتووەکەقیاسی کاتی زەکات دەرکردن دەکەنەسەر شوێنی زەکات دەرکردن و دەڵێن : چۆن دەتوانێت لەهەرکوێ زەکاتەکەدەربکات ئاوایش دەتوانێت لەهەر کاتێك کەخۆی بیەوێت دەریبکات(١٦) .

بەڵگەکان :

هەریەکێك لەخاوەنی ئەو بۆچونانەبەڵگەو پاساوی بۆ بۆچونەکەی خۆی هێناوەتەوە، بەڵگەکانیشیان بەم شێوەیەن :

بەڵگەی بۆچونی یەکەم :

یەکەم : بەڵگەلەقورئانی پیرۆز :

1) خودای گەورەدەفەرموێت : " وأقيموا الصلاة وآتوا الزكاة " (17) ، دەڵێن : ئەم ئایەتەفرمانەو فرمانی ڕەهایش لەشەرع دا بۆ دەستبەجێ کارپێ کردنە، وەبەپێی ئەم ئایەتەپیرۆزەهەرکەسێك زەکات دوا بخات لای خودا تۆڵەی ئەو دوا خستنەی لێ دەسێنرێتەوە،هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو کەخودا ئیبلیسی لەبەهەشت کردەدەر و لەڕەحمەتی خۆی دوری خستەوە.

هەروەها واجب لەشەرع دا بریتی یەلە: (.. ئەو شتەی ئەگەر تەرك بکرێت سزای بەدواوەیە) ، جا ئەگەر دەرکردنی زەکات کاتێکی دیاری کراوی نەبێت ئەوەهەموو کەس دوای دەخات تا مردن و بەمەیش سزای دواخستنی زەکات نایەتەدی (١٨) .

2) خودای گەورەدەفەرموێت : " و ءاتوا حقه يوم حصاده " (19)، دەڵێن : وشەی ( حق ) لەم ئایەتەدا مەبەست پێی زەکاتەو فرمانەکەیش ڕەهایەو فەرمانی ڕەهایش دەبێت دەستبەجێ جێ بەجێ بکرێت (٢٠).

شیکردنەوەی ئەم بەڵگەیە:

خاوەنی ڕای دووەم بەم شێوەیەئەم بەڵگانەیان شی کردوەتەوە:

أ) وشەی ( حق ) وەك هەندێك لەزانایانی تابیعین باسیان کردوەمەبەست پێی حەقی تری واجبەلەسەر ئەوماڵەبێجگەلەزەکات .

ب) ئەم ئایەتەمەنسوخە، چونکەلەمەککەدابەزیوەپێش هیجرەت ، وەزەکات لەساڵی دووەمی کۆچی دا واجب کرا لەسەر موسوڵمانان (٢١).

وەڵامی شیکردنەوەکە:

ئەوانەی بۆچونی یەکەمن بەم جۆرەوەڵامی شیکردنەوەی بەرامبەرەکانیان داوەتەوە:

أ ) هەندێك لەزانایانی تەفسیر دەفەرمون ئەم ئایەتەلەمەدینەدابەزیوەو مەنسوخ نیەو ئیشی پێ دەکرێت (٢٢) .

ب) ئەگەر بێت و ئەم ئایەتەلەمەککەیش دابەزیبێت ئەوەئەنەسی کوری مالیك و ئیبنو عەباس خوایان لێ ڕازی بێت دەڵێن مەبەست لە( حق ) لەم ئایەتەدا زەکاتی فەرزی دیاری کراوەبە( دەیەك و نیوەی دەیەك ) (٢٣) .

ج) واجب بونی ( دەیەك و نیوەی دەیەك ) لەمەدینەنابێتەهۆی سڕینەوە(نسخ )ی ئەم ئایەتە، بەڵکو ڕونکردنەوەی (مقدار ) یرەکەیەتی مەبەست پێی سڕینەوەنیە (٢٤).

دووەم : بەڵگەلەسوننەت :

عوقبەی کوری حارث خودای لێ ڕازی بێت فەرموی : پێغەمبەر ( دروودی خودای لێ بێت ) جارێکیان بەپەلەنوێژی عەسری بۆ کردین و ڕاستەوخۆ پاش لێ بونەوەلەنوێژەکەهەستاو چویەماڵی خۆیان ، وام زانی یەکێك بەپەلەبانگی کردووە، لێم پرسی بۆچی وا بەپەلەچویتەوەبۆ ماڵ؟ ئەویش ( دروودی خودای لێ بێت ) فەرمووی: ئەوەهەندێك زەکاتم لە ماڵ بەجێ هێشتبوو(زەکاتەکەبریتی بوو لەئاڵتون و زیو ) پێم باش نەبوو شەوی بەسەردا بێت و دابەشی نەکەم (25) .

ئیبن حەجەر لەکتێبی ( فتح الباری ) دا قسەی یەکێك لەگەورەزانایانی مەزهەبی مالیکی نەقڵ کردووەکەدەربارەی ئەو فەرموودەیەی لای سەرەوەدەفەرموێت : مانای ئەوەیەکرداری خێرو چاکەپێویستەپەلەی لێ بکرێت و دەستی پێ بکرێت ، چونکەبۆی هەیەئافاتێك بێت یان ڕێگرێك بێت نەهێڵێت ئەو کارەئەنجام بدرێت ، هەروەها کەس

دڵنیا نیەلەکاتی مردنی ، وەدواخستن و کەمتەرخەمی هەرگیز باش نیە؛ هەروەها زوو ئەو حەقە و واجبەلەگەردنی ئینسان بچێتەدەرەوەو گوناهی خۆی پێ بسپرێتەوەباشترەو خودایش بەوەزۆرتر لەبەندەکانی ڕازی دەبێت (26) .

ئیبن حەجەر لەهەندێك زانای ئیسلامەوەدەگێرێتەوە کەدەفەرمون : درەنگ خستنی زەکات خاوەنەکەی حەپس دەکات ڕۆژی دوایی .

سێهەم : بەڵگەی عەقلی :

* زەکات واجب بووەلەبەر خاتری پێویستیەکانی هەژاران ، پێویستیش دەبێت بەخێرایی دابین بکرێت ، هەربۆیەزەکات دەبێت بەخێرایی بدرێت (27).

* زەکات عیبادەتێکەدووبارەدەبێتەوە، نابێت دوابخرێت بۆ کاتێکی تر کەعیبادەتێکی وەك خۆی تیایدا دووبارەببێتەوەوەك نوێژو ڕۆژوو (28) .

---

( 1 ) واتە: محەمەدی کوری حەسەنی شەیبانی و ئەبو یوسف .

(2) بدائع الصنائع 3/2 ، وفتح القدير لابن الهمام 114/2 ، والدرالمختار للحصكفي مع حاشيته لابن عابدين 13/2

(3) التفريع لابن الجلاب 275/1 ، والكافي لابن عبدالبر 303/1 ، والذخيرة 139/3 ، وحاشية الدسوقي 408/1 .

(4 ) الحاوي الكبير للماوردي 91/3 ، والمجموع شرح المهذب للنووي 333/5 ، وروضة الطالبين 2م2 04 .

(5 ) المستوعب للسامري 327/3 ، والمغني لابن قدامة 146/4 ، والفروع لابن مفلح 2/ 542 .

(6) موحەمەدی کوری عەل کوری موحەمەدی حەنەفی ، ناسراو بە عەلاديني حەسكەفی ، خەڵکی دیاربەکرە ، زانایەکی گەورەو پایەبەرزی ئیسلامەو ساڵی ١٠٨٨ی کۆچی وەفاتی کردوە.

(7) الدر المختار مع حاشية ابن عابدين 13/2 .

(8) کەمالەدین کوری محەمەد کوری عەبدولواحید ، خەڵکی میسرە و یەکێکەلەزانا هەرەبەناوبانگەکانی مەزهەبی حەنەفی و ساڵی ٨٦١ی کۆچی وەفاتی کردوە.

(9 ) فتح القدير 114/2

(10 ) قوانين الأحكام الشرعية لابن جزي ص68 .

(11) المجموع شرح المهذب 333/5 .

(12) المغني 146/4 .

(١٣) بدائع الصنائع ٣/٢ .

(14) الفروع لابن مفلح المقدسى ٥٤٢/٢ ، والمبدع لابن مفلح ١١٤/٢ .

(15) بدائع الصنائع ٣/٢ .

(16) الانصاف ، للمرداوي 139/7 .

(17) سورة البقرة ، جزء من الآية 43 .

(18) المغنى ١٤٦/٤ .

(19) سورة الأنعام ، جزء من الآية 141 .

(20) المبدع 2/ 399 ، وكشاف القناع 255/2 .

(21) تفسير الطبري ٥٥/٨-٥٨ ، تفسير القرطبي ٧/ ٩٩ .

(22) تفسير القرطبي 99/7 .

(23) تفسير الطبري ٥٣/٨ ، تفسير القرطبي ٧/ ٩٩ .

(24) تفسير ابن كثير 2/ 182 .

(٢٥) رواه البخاري في صحيحه ، كتاب الزكاة ، رقم الحديث 1363 .

(26) فتح الباري 299/3 .

(27) المغني لابن قدامة 147/4 ، مغني المحتاج للشربيني 413/1 .

(28) كشاف القناع 255/2 .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين